٢٣ی كانونی یەكەمی ٢٠٠٩

# سكرتێری گشتی

**SG/A/1211**
**BIO/4154**
**IK/616**

نەتەوە یەكگرتووەكان

بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن / بەشی میدیا و هەواڵەكان / نیویۆرك

<u>ژیاننامە</u>

## سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان

## جێرزی سكوراتۆویزی پۆلەندی وەك جێگری نوێنەری تایبەت بۆ عیراق دادەمەزرێنێت

بان كی مونی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان جێرزی سكوراتۆویزی پۆلەندیی وەك جێگری نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ عیراق دامەزراندووە. بەڕێز سكوراتۆویز سەركردایەتیی پێكهاتەی سیاسی و پشتگیریی دەستوری و هەڵبژاردن لە نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی) دەكات. ئەو جێی ئەندرێ گیلمۆر دەگرێتەوە كە ئێستا لە بەلگراد بووە بە سەرۆكی نوسینگە. سكرتێری گشتی سوپاسی ئەندرێ گیلمۆر دەكات بۆ خزمەتی لەخۆبووردووانە و پابەندبوونی بە هاوكاریكردنی گەلی عیراق.

بەڕێز سكوراتۆویز لەگەڵ خۆیدا سامانێكی شارەزایی لە مامەڵەكردن لەگەڵ گفتوگۆی سیاسەت دارِشتن و رێگری لە ناكۆكی و چاكسازیی دەستوری و هاوكاریی هەڵبژاردن و فەرمانڕەوایی دروست و حوكمی یاسا و پەرەپێدانی تواناكان دێنێت.

بەڕێز سكوراتۆویز ئێستا بە وەكالەتی كاتی جێگری بەڕێوەبەری هەرێمایەتیی نوسینگەی نیمچەهەرێمایەتیی ئەفریقا بۆ رۆژئاوا و ناوەندی ئەفریقایە لە بەرنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەرەپێدان (UNDP). هەروەها وەك بەڕێوەبەری تیمی وڵاتی UNDP لە سودان كاری كردووە و لە كیرغیزستانیش هەماهەنگكاری نیشتەجێی نەتەوە یەكگرتووەكان و نوێنەری نیشتەجێی UNDP بووە.

پێش كاركردن لەگەڵ UNDP، بەڕێز سكوراتۆویز پۆستی دیاری لە بواری ئەكادیمی هەبووە و زیاتر لە ٤٠ بڵاوكراوە و لێكۆڵینەوە و شارەزایی هەبووە لە كێشەكانی قۆناغی راگوزەری لە ناوەند و رۆژهەڵاتی ئەوروپا و، لە كێشە سیاسی-كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی وەڵاتانی تازە پەرەسەندوو، بە رۆژهەڵاتی ناوین و باكوری ئەفریقاشەوە.

بەڕێز سكوراتۆویز ساڵی ١٩٤٦ لەدایك بووە، خێزاندارە و دوو كچی هەن. بڕوانامەی ماستەری لە ئابووریی هەمووەكی لە زانكۆی وارشۆ بەدەستهێناوە و دكتۆراش لە ئابووریی پەرەپێدان لە زانكۆی وارشۆ و زانكۆی ئەمریكی لە واشنتۆنی پایتەخت.

* * * * *

تۆماری رەسمی نییە. تەنها بۆ راگەیاندنە